# هەرکەسێك بەهۆی کەمتەرخەمیەوە واز بهێنێت لە (نوێژی) هەینی؛ ئەوا خوای گەورە مۆر لەسەر دڵی دەدات

لە ئەبی جەعدی زەمریەوە -ڕەزای خوای لێبێت-، کە یەکێك بوو لە هاوەڵان، دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێك بەهۆی کەمتەرخەمیەوە واز بهێنێت لە (نوێژی) هەینی؛ ئەوا خوای گەورە مۆر لەسەر دڵی دەدات».

[صەحیحە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریداوە سەبارەت بە وازهێنان لە ئەنجامدانی نوێژی هەینی، وئەو کەسەی بەهۆی کەمتەرخەمی وشلپرەویەوە بە بێ پۆزش ئامادە نابێت لە سێ نوێژی هەینی؛ ئەوا خوای گەورە مۆر لەسەر دڵی دەدات وادایدەپۆشێت بۆیە چیتر خێری پێناگات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65768

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee